# حككع كه تووڕه دەبێ بالآنس لە دەست دەدات!

خەتاب سابیر
شوباتی ٢٠٠٤

لە وەڵامی وتارێکی ڕەخنەیی مندا لــە ســەر کۆمــۆنیزمی کرێکــاریی و حیزبەکــەی، عەبدوڵا مەحمودی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبــە لــە وەڵامێکــی کــەفوکوڵ و پەلەکوڕووزێدا وتارێکی لە ژمارە، ١٥٩ ی هاوڵاتیدا **، لاپــەڕە حەوتـدا نووسـیوە ،هەرچی پێی بلێی سیاسیی بوون و شارەزایی بەو پیــاوەوە دیــار نییــە ، ئەوەنــدە تــووڕە بــووە ،ئەوەنــدە حیزبەکــەی کەوتۆتــە ژێــر فشــاری جەماوەرییــەوەو سیاسەتەکانی حیزبەکەی بەتاک کەوتۆتەوە، پەنای بۆ قسەی بازاڕی و سووکایەتی کردن وتەنانەت بۆ دلدانەوەی خۆی و حیزبەکەی پەنای بۆ جنێویش بــردووە. ئــەو قسە ناسیاسیانەی عەبدوڵا مــەحمود دەیانکــات ســەبارەت بــە داکۆکیکردنیــان لــە بەعسییە هاوردەکانی کەرکوک و عەرەبە دەهەزارییەکان و ستەمی میللــی لــە ســەر گەلی کورد ، تەنانەت منداڵانی تەپەو ڕەحیماواو شۆڕیجەو ئازادی گاڵتــەیان پێــی دێت و بە عەقڵیاندا ناچێت .

ئەم برادەرانە ئەوەندە ئازان بۆ تاوانبارکردنی کەسانی نەیاری سیاســەتەکانیان و بە ناسیۆنالیست کردنی خەلک ، وەکو ئەوەی ئەوان لیژنەی دابەشکردنی ناسنامەو ئایدۆلۆژیا بن بەسەر هەموو کەسێکدا ، هەر خۆیان بەوەجاغزادەی مارکس دەزانن و هەموو کەسێکیان پێ چەوت و لادەرە، لەکاتێکدا بە پێــوەری چــەپێکی لاموبــالاتیش ،کۆمۆنیزمی کرێکاریی گەورەترین تەحریفــە لــە مێــژووی مارکســیزمدا کرابێــت ، ئەمانە بە زمانەکەی خۆیان کە زۆر مەحفەلیان بەکاردەهێنا، لە مەحفەلێکی دابڕاوو ســەربەیەکەوەنەر زیــاتر شــتێکی تــر نــین و هــیچ ڕۆڵ و توانســتێکیان نییــە بەسەرچارەنووسی گەلی کوردستان وکێشە ڕەواکەیەوە، ئــەم برادەرانــە دەبووایــە زۆر مەمنوونیش بوونایە کە جار جارێک دووانی وەکو مــن دەیانهێنێتــە بــەرباس ، ئەگینا لە هیچ شوێنێ ئەمانە جێگەی باس نین و نابن .

سەرنجی خوێنەری بەڕێز ڕادەکێشــم بــۆ ئــەوەی ئــەو وتــارەی عەبــدوڵا مــەحمود بخوێنێتەوەو لە حیکمەتی ئەو بــرادەرەو حیزبەکــەی زیــاتر بگــات ،ئــەوەی ئایــا بەڕاستی من باوەشێنی سیاسەتەکانی بەعس و ڕژێمی شۆفینیستی سەددام دەکــەم ، یان ئەوان ڕێک سەرچۆپیگری ئیسلامییەکان و بەعســییەکانن لــە مــەڕ گەڕانــەوەی عەرەبە هێنراوەکاندا،کار گەیشت بەوەی لــەژێر فشــاری گــەلی کــوردا مەجلیســی حوکمیش ڕەزامەندی دەربڕێ بەگەڕانەوەی ئەم تەعریبچیانە بۆ شــوێنی خۆیــان،

کەچی ئەمان هەر خەریکی کوتانی ئاسنی ساردن ، ئەم برادەرانەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئەوەندە ئایدۆلۆژیانە ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنن، خۆشیان نازانن چی دەڵێن، ئاخر لە کوێی ئەم دنیایەدا هەبووە کێشەیەکی سیاسی و ئاڵوزی وەکو کەرکوک ، به عاتیفەوکرووزانەوە چارەسەر بکرێ، کاتێک سیاسەت و عاتیفە تێکەڵ بکرێن!، ئیتر پێوەرەکان هیچ ناخوێننەوەو هەموو شتێ دەبێتە گۆترەکاری، ئەو قسە عاتیفیانەی کە دەڵێ وەی عەرەبەکان گووناهن و بەستەزمانن و پارەیان لەگیرفاندا نییەو دەستیان بەکلاوی خۆیانەوە گرتووە کە بانەیبات و منداڵە سەرخۆلاوییەکانیان برادەری منداڵە کوردەکانەو بەیەکەوە لەگەڵ کورددا چەند ساڵە نان وپیاز دەخۆن و بەزۆرو بەدانی ئیمتیازات هێنراون.... هتد. کۆمەڵێ قسەی منداڵانەو ساویلکانەو ناسیاسیانە زیاتر شتێکی تر نییە و ئەندامەکانی خۆشیان بەتەواوی بۆ ناهێنرێتە قەناعەت ، تا خەڵک ڕەدووی سیاسەتەکانیان بکەوێ.

بەداخەوە دەڵێم بەناوی کۆمۆنیزمەوە گەورەترین درۆ لە گەڵ گەلی کوردستاندا کرا، کاتێک بەیداخی ڕیفراندۆمیان هەڵگرت و داوای دەوڵەتی سەربەخۆیان کرد بۆ کوردستان لە سەردەمێکدا ، کەچی لە شەووڕۆژێکدا ڕیفراندۆم و نەمانی ستەمی میللی بەیەکەوە شەکراویان خواردەوە لای کۆمۆنیزمی کرێکاریی و حیزبەکەی لە گەرەگە تەعریبکراوەکانی کەرکوکدا، من دڵنیام کلاوکردنە سەر خەڵکی کوردستان ، باجەکەی زۆر قورس دەدرێتەوە لەسیاسەتدا ، بەتایبەت ئەو سیاسەتە هیچ پاشخانێکی کۆنکرێتی نەبێت و ویستخوازی و خولیاخوازی ڕێبەری بێت و هەڵیسوڕێنێت.

** http://www.hawlati.com/pdf/2001-159_7.pdf